شوبهەكانی شەخس پەرستان و پوچەڵ كردنەوەیان

ماموستا عبداللطیف أحمد

بەشی یەكەم



الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

بەداخەوە نەفام و بێ ئاگایان ناگەڕێنەوە بۆلای سەرچاوەی ئیسلامەتی كە قورئان و حەدیسەو ناچنە خزمەتیان بۆ تێگەیشتن لێیان (تدبّر) و ئیش كردن پێیان. بەڵكو بەشیان لە قورئان خوێندن تەنها بۆ مردووانە لە تەعزیە، نەك بۆ زیندووەكان. وە ئەگەر بێت و لە كتابی نوسەرێكی باوەڕ پێكراوی خۆیاندا نوسرابێت دروستە هاوار بكرێتە پیاوچاكان، ئەوە باوەڕ بەو دەكەن، بەڵام باوەڕ بە كەلامی خوا ناكەن، وە قورئان و حەدیس دەخەنە پشت گوێ و، مانای ئایەتەكانی دەگۆڕن و تەحریفی دەكەن بەناوی تەفسیرو لێكدانەوەو تەئویل و مەجاز. وە چەندان شوبهە دەهێننەوە، بۆ ڕەت كردنەوەی مانای زاهیری ئەم ئایەتە قورئانیانە.

زۆر لە نەفامانی ئەم سەردەمەی ئێمە، شەیتان سەری لێ شێواندوون و لەڕێگای ڕاستی تەنها خوا پەرستی گومڕای كردوون و، گەڕاندونیەوە بۆ سەر دینی موشریكەكانی پێشوو، بەڵام نەك بەناوی شیرك و كوفر، بەڵكو بەناوی خوا پەرستی و خۆش ویستنی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكان و لەخوا نزیك بوونەوە. وە هەروەها شەیتان بەوەش وازی لێ نەهێناون كە لە تەوحید (تەنها خوا پەرستی) ەوە لای داون بۆ هاوبەشی بۆ خوا دانان (الشرك)، بەڵكو شەریك بۆ خوا دانانی بۆ ڕازاندونەوە لە پۆشاكی حەق و خوا**

پەرستیدا نیشانیان دەدات و چەندان شوبهەشیان فێردەكان بۆ ئەوەی بیان هێڵێتەوە لەسەر دینی شیرك و قەناعەتیان بۆ دروست بكات و موجادەلەی ئەهلی تەوحیدیشی پێ بكەن. وە شوبهەكانی شەیتان بۆتە چەكی دەستیان بۆ دیفاع كردن لە بیروباوەڕە شیركیەكەیان لەبەرامبەر بانگەوازی ئەهلی تەوحید بۆیان. وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ فَهُمْ لا يَهْتَدُونَ ﴾ (النمل: ٢٤).

واتە: شەیتان كردەوەكانی بۆ ڕازاندوونەتەوەو لە ڕێگەی ڕاست لای داون.

﴿ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ ﴾ (الزخرف:٣٧).

واتە: شەیتانەكان لە ڕێگەی ڕاست لایان دەدەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا حیساب دەكەن كە هیدایەت دراون و لەسەر ڕێگەی ڕاستن !!.

وە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ (الأنعام: من الآية١٢١)

واتە: شەیتانەكان وەحی دەنێرن بۆ دۆستەكانیان وە شوبهەیان فێردەكەن بۆ ئەوەی موجادەلەی ئێوەی دۆستی خوا (ئەهلی تەوحید)ی پێ بكەن .

بەڵام بە پشتیوانی خوا ناتوانن لە بەرامبەر ئـەهلی تەوحیـد بوەسـتن و شـوبهەکانیان خـۆی ناگرێت لە ئاستی بەڵگەکانی ئەهلی سوننە (ئەهلی تەوحید) چونکە فێڵ و شـوبهەی شـەیتان لاوازە لە راستیدا ﴿فقاتِلوا أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفاً﴾ (النساء: من الآية ٧٦)

وە فێڵ و شوبهەی شەیتان تەنها لای موسڵمانی سادەی تێنەگەیشتوو لە قورئان و سـوننەت ـ ڕەواجی هەیە.

بەڵام لای تەنها خوا پەرسـتان (شـوێنکەوتووانی پێغەمبـەر ﷺ و هـاوەڵانی) ڕەواجـی نیـەو لاوازترە بەلایەنەوە لە هێلانەی جاڵجاڵۆکە، کە هێلانەی جاڵجاڵۆکە لاوازترین هێلانەیە :

﴿ مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنْكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتاً وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنْكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾ (العنكبوت: ٤١)

وە هێزو توانای تەنها خوا پەرستانی شوێنکەوتەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لە خۆیانەوە نیـە بەڵکو لەوەوەیە کە شوێن ئەو ڕۆشنکەرەوە(نور)ە کەوتوون کە خوا بۆی ناردوون، کـە بریتیـیە لە قورئان و سوننەت. چونکە هەرکەسێك شوێن ئەم دوو سەرچاوە ڕۆشن کـەرەوە بکـەوێت ئـەوا هەموو شتێکی لا ڕووناك و ئاشکرا دەبێت و حەق و ناحەق لێك جیا دەکاتەوەو شەیتان ناتوانێت فێڵی لێ بکات و سەری لێ بشێوێنێت.(سوپاس بۆ خوا) .

ئێستاش با شوبهەی نەفامەکان بخەینە ژێر تیشکی ڕووناکی قورئان و سـوننەت بـە گـوێرەی تێگەیشتنی هاوەڵان و پێشەوایانی پێشینەی ئوممەت:

گۆڕپەرستانی ئەمڕۆ دەڵێن: ئێمە موشریك نین، چـونکە ئێمـە لـە زۆر بـیرو بـاوەڕو کـردارو گوفتاردا جیاوازین لە موشریکەکان کەواتە نابێت ئەو ئایەتانەی موشریکەکانی بە کافر داناوەو لە سەر ئەوان دابەزیوە بەسەر ئێمەیدا تەتبیق بکەن، چونکە ئێمە لـە زۆر شـتدا جیـاوازین لـە موشریکان بەم شێوەی خوارەوە:

شوبهەی یەکەم

دەڵێن: ئێمە باوەڕمان وایە تەنها خوا خالقە و دروستکاری هەموو بوونەوەرەو تـەنها ئـەویش پادشـاو خاوەنــەو هــەر ئــەویش پــەروەردگاری هــەموو جیهانــە. وە هــەموو ئــەو پیاوچـاك و پێغەمبەرانەش کە ئێمە ئیعتیقادمان پێیانەو هاواریان دەکەینێ ئـەوانیش هــەر تەنهــا خــوا دروستی کردوون و هیچیان ناکەین بە شەریکی خوا لە دروست کردنی هیچ بەشێکی بونەوەر.

کەواتە: چۆن ئێمە بەکافر دادەنرێین لە کاتێکدا باوەڕمان بە بـوونی خـوا هەیـە ؟!. وە چـۆن ئێمە بە موشریك دادەنرێین لە کاتێکدا کە ئیعتیقادمان وایە تەنها خـوا خالیقـەو پـەروەردگارە بەبێ شەریك ؟!.

پوچەڵ كردنەوەی شوبهەی یەكەمی شەخس پەرستان

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین:

ئەم شوبهەیە مایەی نەفامی و بێ ئاگاییە لە قورئان و سوننەت چونكە ئەگەر ئاوڕ بدەنەوە بەلای قورئاندا بۆیان دەردەكەوێت، كە لە چەندەها ئایەتدا پەروەردگار باسی كردووە كە موشریكەكانیش باوەڕیان بە بوونی خوا بووەو لەوەش زیاتر باوەڕیان بە تەنها پەروەردگاریەتی و خالقیەتی خوا بووەو بتەكانیان بە شەریكی خوا دانەدەنا لە دروست كردن و پەروەردگاریەتیدا وە خۆیان ئیقراڕیان دەكرد كە بتەكانیان دروست كراونو تەنها خوا خالیقە. وە هەروەها (ابلیس)ی مەلعونیش باوەڕی بە تەنها پەروەردگاریەتی خوا هەیەو دەڵێت: ﴿ رب خلقتني من نار ﴾ واتە: ئەی پەروەردگارم تۆ منت دروست كردوە لە ئاگر.

كەواتە ئەگەر تەنها بەو باوەڕە عەبد ببێت بە موسڵمان ئەوا دیارە (ابلیس)و موشریكەكانیش موسڵمان بوون و كافر نەبوون، چونكە ئەوانیش باوەڕیان وابوو كە تەنها خوا خالقەو پەروەردگارە وەكو گۆڕپەرستەكانی ئەمڕۆ.

كەواتە ئەی شەخس پەرستان بە تەنها بەم باوەڕ بوونە لە موشریك و كافرەكان جیا نابنەوە؛ چونكە ئەوانیش وەكو ئێوە ئەم باوەڕەیان بە خوا هەبوو وەك لەم ئایەتانەدا دەردەكەوێت:

١- ﴿ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ ﴾ (الزخرف:٨٧)

واتە: ئەی محمد ئەگەر بپرسی لەم موشریكانە كێ دروستی كردوون ؟. لەوەڵامدا دەڵێن: (الله) دروستی كردووین بە تەنها. كەوابوو ئەدی بۆچی هەڵدەگەڕێنەوە لە تەنها پەرستن و هاواركردنی ئەو(الله)یەی كە بەتەنها دروستی كردون ؟ وە بۆ شتی تری لەگەڵ دەپەرستن كە هیچ پەیوەندیان نەبووە بە دروست كردنی ئێوە ؟!

٢- ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ ؟!﴾ (العنكبوت : ٦١).

واتە: ئەگەر پرسیار بكەیت لە موشریكەكان: كێ ئاسمانەكان و زەوی دروست كردووەو كێ خۆرو مانگی ژێربار كردووەو بە ڕێكی دەخولێنەوە. لە وەڵامدا دەڵێن: تەنها (الله). كەوابوو چۆن لادەدەن لە پەرستنی ئەو (الله)یە كە دروستكاری ئاسمانەكان و زەوییەو ڕێكخەری خۆرو مانگەو چۆن لەگەڵ ئەودا هاوار دەكەنە غەیری ئەو، وە شتانێكی تر دەپەرستن ؟!.

٣- ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ مِن بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴾ (العنكبوت : ٦٣) .

واتە: ئەگەر پرسیار لە موشریكەكان بكەیت كە: كێ لە ئاسمان بارانی بارانـدوەو زەوی مردووی ووشك بووی پێ زیندوو كردۆتەوە؟. لە وەڵامدا دەڵێن:(الله)؛ دەتۆش بڵێ سوپاس بۆ ئەو خوایە(الحمدلله)، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵكە عەقڵیان نیە كە تـەنها دەبێت ئـەو (الله)یـە بپەرسترێت كە بارانیان بۆ دەبارێنێت و زەویان بۆ زیندوو دەكاتەوە!. جا چونكە عـەقڵی ئـەوەیان نیە. شەریكی بۆ دادەنێن لە پەرستن و پشت پێ بەستن و ئیعتقاد پێ بوون !!.

٤. [قل لمن الأرض ومن فيها إن كنتم تعلمون (٨٤) سيقولون لله قل أفلا تذكرون (٨٥) قل من رب السماوات السبع ورب العرش العظيم (٨٦) سيقولون لله قل أفلا تتقون (٨٧) قل من بيده ملكوت كلِ شيءِ وهو يجير ولا يجار عليه إن كنتم تعلمون (٨٨) سيقولون لله قل فأنى تسحرون (٨٩)] المؤمنون (٨٤ـــ٨٩).

واتە: ئەی محمد بەو موشریكانە بڵێ: ئەم زەویەو ئەوەی كە لەناو زەویش دایە ـ موڵكی كێیە ئەگەر دەزانن ؟. بێگومان ـ لە وەڵامدا دەڵێن ـ تەنها موڵكی (الله)یە. تـۆ ئەوكاتـە بفـەرموو: ئەدی كەواتە بۆ بیرناكەنەوە كەتەنها ئـەویش شایـستەی پـەرسـتـنەو زیـنـدوتـان دەكاتـەوەو موحاسەبەتان دەكات لەسەر شەریك بۆ خوا دانانتان.

وە بفەرموو: كێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەكان و كێ پەروەردگاری عەرشی گەورەیە كـە لـە هەموو دروستكراوێك گەورەترەو بەرزترە؟!.

بێگومان لە وەڵامدا دەڵێن: تەنها(الله) پەروەردگارە تۆش بفـەرموو كـەوابوو بـۆ لـەو تـەنها پەروەردگارە؛ ناترسن و شەریكی بۆ دادەنێن لە پەرستندا، لەكاتێكدا خۆتان دان دەنێن بەوەی كە تەنها ئەو پەروەردگارە ؟.

وە بفەرموو: كێ خاوەنی هەموو شتێكەو خەزێنەی هەموو شتێكی بەدەستە ؟.

وە كێ پەنای ئەوە دەگرێ كە پەنای پێ بگرێ و پەناش لەو ناگیرێت؟ ئەگەر دەزانن؟.

لە وەڵامدا دەڵێن: ئەم دەسەڵات و موڵكە تەنها هی(الله)یە.

تۆش بفەرموو: ﴿فأنّى تسحرون﴾ واتـە: كـەوابوو چـۆن فێڵتـان لێ دەكرێـت و لادەدرێـن لـە پەرستنی ئەو خوایەو بەڕاست دانانی هەواڵەكانی و شوێنكەوتنی فەرمانەكانی.

٥. ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ والأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللّهُ فَقُلْ أَفَلاَ تَتَّقُونَ (٣١) فَذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ فَأَنَّى تُصْرَفُونَ (٣٢) ﴾ (يونس) .

واتە: بفەرموو: كێ ڕزقتان دەدات لە ئاسمان بە باران بارین و لە زەویدا بە ڕوەك ڕوانـدن ؟. وە كێ بیستن و بینینی ئێوەی بە دەستە ؟. وەكێیە مردن و ژیانی بـە دەسـتـەو زینـدوو لـە مـردوو

دروست دەكات، وە مردووش لە زیندوو دروست دەكات. وەكێ كاروباری بونەوەر بەڕێوە دەبات ؟ لە وەڵامدا دەڵێن (الله) بەتەنها.

تۆش بفەرموو: كەوابوو بۆ لە خوا ناترسن و خۆپارێزی ناكەن لەوەی كە ئەو (الله)یە پێی ناخۆشە. وەك پەرستنی غەیری خوا ؟!

وە تەنها ئەو خوایە پەر ستراوی حەقەو شایستەی پەرستنە كە پەروەردگارتانەو هەموو شتێكی بە دەستە. وە غەیری ئەو پەروەردگارە هیچ یەكێك شایستەی پەرستن و هاوار بۆ كردن نیەو تەنها (الله) پەرستراوی حەقەو غەیری ئەو پەرستراوی ناڕەواو نا حەقن.

كەوابوو بۆ لە پەرستنی ئەم پەرستراوە شیاوە لادەدەن بۆ پەرستنی پەرستراوێكی ناحەق (باطل) ؟!.

كەواتە: لەم ئایەتانەدا بۆمان دەركەوت كە موشریكەكان هەموویان باوەڕیان بەوە هەبوو، كە تەنها خوا پەروەردگارەو دروستكاری بونەوەرەو خاوەنی هەموو شتێكە، وەلەو شتانەدا هیچ یەكێكیان نەدەكرد بە شەریك بۆ خوا، بەڵام لە عیبادەتدا شەریكیان بۆ خوا دادەناو پەرستنیان بۆ غەیری خوا دەكرد؛ بۆیە خوای گەورە بانگیان دەكات بۆ تەنها(ﷲ) پەرستن، لە ڕێگای باوەڕ بوونیان بە تەنها پەروەردگاریەتی خوا؛ چونكە كەسێك باوەڕی بەوە هەبێت كە تەنها (الله) پەروەردگارە، دەبێت تەنها ئەویش بپەرستێت؛ چونكە تەنها ئەو زاتە شایستەی پەرستن بۆ كردنە كە پەروەردگارو خالیق و ڕازق و مالك و قادر ... بێت، بەڵام ئەوەی كە هیچ یەكێك لەم سیفەتانەی نیە، شایستەی ئەوە نیە بپەرسترێت و عیبادەتی بۆ بكرێت و هاواری بكرێتێ.

وە لە چەندان ئایەتی تریشدا دەبینین خوای گەورە ئەم باوەڕ بوونەیان بە تەنها پەروەردگاریەتی خوا (الإیمان بتوحید الربوبیة)، دەكاتە بەڵگە لەسەر بانگ كردنیان بۆ تەنها پەرستنی ئەو (توحید الألوهیة). وەك لەم ئایەتانەدا دەفەرمووێت:

[أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ (٦٠)

أَمَّن جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (٦١)

أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ (٦٢)

أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ (٦٣)

أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاء وَالْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (٦٤)] سورة النمل .

واتای ئایەتی (٦٠): **ئەی محمد پرسیار بكە لەو موشریكانە: ئایا كێ دروستی كردوە ئاسمانەكان و زەوی، وە باراندویەتی لەئاسمانەوە ئاوێك، جابەهۆی ئەو ئاوەوە باغ و بێستانی بەدیمەن و جوانمان بۆسەوز كردن لەحاڵێكدا كەئێوە توانای سەوز كردنی دارەكەیشیتان نەبوو ئەگەر پەروەردگار بارانی بۆ نەباراندبان !!.**

كەوابوو تەنها ئەو زاتە پەرستراوە(إلـه)ـە كە ئەمانەی بۆ ئێوە كردووەو هەر پەرستراوێكی تر كە ئەمانەی نەكردبێت ناحەقە بە پەرستراو دابنرێت و پەرستن و سەربڕین و هاواری بۆ بكرێت. جا ئایا هیچ پەرستراوێكی دی هەیە لەگەڵ (الله) ئەم شتانەی پێشووی بۆ ئێوە كردبێ تاوەكو بەهۆی ئەوەوە ببێتە شیاوی پەرستن بۆ كردن و بەگەورە دانان ؟!.

بێگومان هیچ پەرستراوێكی تر نیە جگە لە (الله) ئەم كارانەی كردبێت، بەڵام ئەم موشریكانە گەلێكن (قومٌ) لە حەق لادەدەن و پەرستراوەكانیان یەكسان دەكەن بە خوا لە پەرستن بۆ كردنداو كردوویانن بە شەریكی (الله) !!. لە كاتێكدا خۆیان دان دەنێن بەوەی كە شەریكی خوا نین لە دروست كردنو باران باراندن و ڕووەك سەوز كردن و پەروەردگارێتیدا !!.

واتای ئایەتی(٦١): **ئایا پەرستنی دروست كراوەكانی ئێوە خێرترە، یان پەرستنی ئەو خوایەی كە زەوی بۆ ئێوە جێگیر كردووەو بۆی كردون بە جێگای قەرار گرتن و، لەناو زەویشدا چۆم و ڕووباری بۆ داناون و، شاخی پتەویشی لە زەوی داكوتاوە بۆ بەهێزكردن و بەستنەوەی، وەهەروەها لەنێوان دوو بەحری شیرین و سوێر، مانعێكی داناوە بۆ ئەوەی تێكەڵاو نەبن ؟! .**

ئایا هیچ پەرستراو (معبود = إله)ێك هەیە لەگەڵ (الله) ئەمانەی پێشووی بۆ كردبن تاوەكو بەوە بوبێتە شیاوی پەرستن بۆكردن و كردنە شەریكی خوا ؟! .

نەخێر نیە، بەڵام موشریكەكان هەر بەردەوامن لەسەر شەریك بۆ خوا دانان لە پەرستندا، چونكە زۆربەیان قەدری گەورەیی خوا نازانن بۆیە بەنەفامی و كوێرانەو لاسایكردنەوە شەریكی بۆ دادەنێن و بەندەیەكی دروستكراوی لاوازی بێ دەسەڵات دەكەن بەهاوبەشی خوای دروستكاری بوونەوەر لە پەرستندا !!.

واتای ئایەتی(٦٢): **ئایا پەرستنی مەعبودەكانی ئێوە خێرترە یان تەنها پەرستنی ئەو خوایەی كە وەڵامی لێقەوماوو داماوو غەمبار دەداتەوە كاتێ هاواری بكاتێ. وە ناڕەحەتی لەسەر لادەبات. وە هەروەها دەتانكات بە نیشتەجێی پێش خۆتان ؟! .**

ئایا هیچ پەرستراوێك هەیە لەگەڵ خوا خاوەنی ئەم نیعمەتانە بێت بەسەرتانەوە ؟ بۆیە ئێوەش بەندایەتی بۆ بكەن لەگەڵ خواو هاواری بكەنێ لەكاتی تەنگانەدا ؟!

نەخێر هیچ یەكێكی تر نیە كە وەڵامی لێقەوماو بداتەوەو ناڕەحەتی لەسەر لابەرێت. وەموشریكەكان خۆیان ئەمەیان چاك دەزانی بۆیە لەكاتی تەنگانەدا ـ بۆ نمونە ـ لەناو دەریادا كە (مەترسی تێداچوونیان بۆ دەهات) تەنها هاواریان دەكردە خوا، چونكە دەیانزانی تەنها(الله) بە فریای لێقەوماوان دێت و، ناڕەحەتیان لەسەر لادەبات. بەڵام بەداخەوە كەم عیبرەت وەردەگرن و، كەم بیردەكەنەوە لە گەورەیی و دەسەڵاتی خوا؛ بۆیە مەعبوداتێكی (پەرستراوانێكی) نا شایستەتان پەرستوون و بەوە كردوتانن بە شەریك بۆ خوای گەورەو تاكە پەرستراوی حەق.

واتای ئایەتی(٦٣): وە ئایا پەرستنی ئەوانە خێرە كە كردوتانن بە شەریكی خوا، یان پەرستنی ئەو خوایەی كە ڕێنمونیتان دەكات لە تاریكایەكانی دەشت و دەریا، كاتێك كەڕێتان لێ تێك دەچێت و شەوتان بەسەردا دێت ؟ وە ئەو خوایەی كە بەر لە ناردنی بارانی ڕەحمەتی، بای مزگێنی دەنێرێ ؟

ئایا پەرستراوێكی دی لەگەڵ (الله) هەیە، ئەم شتانەی بۆ ئێوە كردبێت؛ تاوەكو ئێوەش بە شیاوی پەرستن بۆكردنی دابنێن و هاواری بكەنێ ؟

نەخێر هیچ یەكێك نیە لەو پەرستراوانە، جگە لە (الله)، كە زۆر بەرزترە لەوەی كە دەیكەن بە شەریكی خوا ﴿ تعالى عما يشركون ﴾.

﴿ كەواتە خوای گەورە بە موشریكی دانان چونكە پەرستن و هاواركردنیان بۆ غەیری خوا دەكرد، هەرچەندە باوەڕیان وابوو كە تەنها خوا دروستكارو ڕازیق و بارانبارێنەرو ژینەرو مرێنەرو هەڵسوڕێنەری بوونەوەرە، وەكو لە وەڵامەكانیاندا دەركەوت كە لەم لایەنە شەریكیان بۆ خوا دانەنابوو.

<u>واتای ئایەتی(٦٤)</u>: وە ئایا كێ لە نەبوونەوە بوونەوەری دروست كردوە، دواییش تێكی دەداتەوەو، خەڵكی دەمرێنێ و، نیزامی جیهان دەشڵەژێنێ ، وە دیسان دوای ئەوە دەیان گەڕێنێتەوە ؟ وەكێ ڕزقتان دەدات لە ئاسمان بە باراندنی باران و، لە زەویش بە ڕواندنی ڕووەك و دانەوێڵە ؟

ئایا هیچ مەعبودێكی (پەرستراوێكی) تر هەیە لەگەڵ (الله) ئەم شتانە بكات؛ تاوەكو ئێوەش بیپەرستن لەگەڵ ئەودا ؟!.

نەخێر چاك دەزانن كە هیچ مەعبودێك (پەرستراوێك) نیە ئەمانەی پێ بكرێت و شەراكەتی خوای كردبێت لەمانەدا. كەوابوو هیچ یەكێكی تر شایستەی پەرستن بۆكردن نیە لەگەڵ خوادا. وە ئەگەر هەر گومانی ئەوەش دەبەن، كە پەرستراوەكانتان شایستەی پەرستن و هاوار بۆكردن بن، وە بە دروستی دەزانن بكرێن بە واسیتە بۆ ئەوەی شەفاعەتتان بۆ بكەن لای خوا بەبێ ئەوەی خوا

ڕێگای ئەوەی بە ئێوەش و ئەوانیش دابێت، ئەوا دەی بەڵگە بهێننەوە لەسەر ئەو گومان و بیرو باوەڕە شیرکیەتان ئەگەر ڕاست دەکەن : ﴿أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾.

ئێمەی ئەهلی سوننەتیش هەمان ئەم ئایەتە دەخەینە ڕووی ئەوانەی پیاوچاکان و پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) دەکەن بە واسیتەو داوای شەفاعەت و هێنانی خۆشی و لادانی ناخۆشیان لێ دەکەن و هاواریان دەکەنێ لە خۆشی و ناخۆشیدا. وەکو پەروەردگار بەو نەفامانە دەڵێت: ﴿ هاتوا برهانكم إن كنتم صادقين ﴾ بەڵگەکانتان بێنن ئەگەر ڕاست دەکەن و کارەکەتان بە ڕاست دادەنێن. وا ئێمە بەڵگەکانی خۆمان باس دەکەین لە قورئان و سوننەت، ئەی کوا بەڵگەکانی ئێوەش لە قورئان و سوننەت ؟!

کەواتە: لەم ئایەتە قورئانیە پیرۆزانەدا بۆمان دەرکەوت کە موشریکەکانیش ـ وەکو شەخس پەرستانی ئەمڕۆ ـ باوەڕیان هەبوو بە: (توحيد الربوبية). واتە: تەنها پەروەردگارێتی خوا واتە ئیعتقادیان وابوو کە بەتەنها (الله): خالق و ڕازق و مالك و زیندووکەرو مرێنەرو بەڕێوەبەرو باران بارێنەرو ژینەرو پەروەردگاری ئەرزو ئاسمان و هەموو بوونەوەرەو بێ ئەوەی هیچ کەس شەریکی بێت لەم کارانە، واتە ئیعتیقادیان وابوو کە تەنها خوا خاوەنی ئەم کارانەیە (إفراد الله بأفعاله). وە کەسی تر بکەری هیچ کارێك لەم کارانە نیە جگە لە (الله).

وە هەروەها لە ڕێگای ئەم باوەڕ بوونەیان بەتەنها پەروەردگاریەتی خوا (توحيد الربوبية)، قورئان بانگی دەکردن بۆ تەنها پەرستنی ئەو خوایە (توحيد الألوهية) واتە: لە ڕێگای باوەڕ بوونیان بەتەنها پەروەردگاریەتی خوا، بانگی دەکردن بۆ تەنها پەرستنی خوا. واتە ئەم باوەڕ بوونەیان بە(توحيد الربوبية)ی دەکرد بە بەڵگە لەسەریان بۆ باوەڕ هێنانیش بەتەنها خوا پەرستی، چونکە کێ بەتەنها خالق و پەوەردگار (رب) بێت، دەبێت خەڵکی عیبادەت بۆ ئەو بکەن بەتەنها.

کەواتە کافربوونی موشریکەکان بەهۆی ئەوەوە نەبوو، کە باوەڕیان بە بوونی خوا، یان تەنها پەروەردگاریەتی خوا نەبوبێت و، باوەڕیان بە بتەکانیان بوبێت کە شەریکی خوا بن، لە دروست کردن و پەروەردگاریەتیدا!!.

نەخێر کوفرەکەیان لەبەر ئەوە نەبوو، چونکە لەمەدا شەریکیان بۆ خوا دانەدەناو، باوەڕی تەواویشیان بەتەنها پەروەردگاریەتی خوا هەبوو، بەڵام هۆی کافربوونیان و، خەڵەلیان ئەوەبوو کە: **بەتەنها ئەو پەروەردگارەیان نەدەپەرست !!**

إن شاء الله لە ژمارەی داهاتوودا باسی شوبهەی دووەم دەکەین